# پێکهێنانی
# فراکسیۆنی کۆمۆنیزمی کرێکاری

(وتووێژ لەگەڵ هاوڕێ مەنسوور حیکمەت)

تایپکردنەوەی: کاوە عومەر

پیاچوونەوەی: سالار ڕەشید

## وتووێژ لەگەڵ هاوڕێ مەنسوور حیکمەت سەبارەت بە:
## پێکهێنانی فراکسیۆنی کۆمۆنیزمی کرێکاری

مانگی جۆزەردان، بە بڵاوبوونەوەی ڕاگەیاندنێک لە لایەن هاوڕێ مەنسوور حیکمەتەوە بۆ تێکۆشەرانی حیزب، فراکسیۆنی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە حیزبدا بوونی خۆی ڕاگەیاند. ئەوەی لێرەدا دەیخوێننەوە وتووێژێکە لەگەڵ هاوڕێ مەنسوور حیکمەت سەبارەت بە پێکهاتنی فراکسیۆن. ئەم وتوێژە لە ژمارە 58ی گۆڤاری "کۆمۆنیست" ئۆرگانی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا بڵاو کراوەتەوە.

کۆمۆنیست: وەک یەکەمین پرسیار با ئەوە بپرسم کە چۆن بوو پێکهێنانی فراکسیۆنتان بە پێویست زانی و بۆچی ئێستا پێک دەهێنرێ؟ لە کۆنگرەی دووەمدا کۆمۆنیزمی کرێکاری وەک لایەنگیرییەک کەوتە بەرامبەر حیزب و وەک دەردەکەوێت قوبوڵ کرا. بە کۆنگرەی سێیەم موشەخەس بوو کە کۆمۆنیزمی کرێکاری بە گشتی وەک تابلۆیەکی تازەی لێهاتووە بۆ حیزب کە دەکرێ لە سایەی پاڵ بدەیەوە و تەنانەت لە ئاست لافاوی ئالوگۆڕەکانی دنیای دەرەوەش کەمتەرخەم بی و هەمان پراکتیکی جاران درێژە پێ بدەی بەم کۆنگرەیە کۆمۆنیزمی کرێکاری وەک بزووتنەوەیەکی ڕەخنەگرانە لە ڕابەریی حیزبدا باسی کرا. ئایا پێکهێنانی فراکسیۆن درێژکراوەی ئەو ڕەوتە ڕەخنەگرانەیە؟ کە لە چاو ساڵ و نیوێک لەوەو پێش کە کۆنگرەی سێ گیرا ئێستا چ زەمینەیەک فەراهەم بووە کە کۆمۆنیزمی کرێکاری شکڵی فراکسیۆنێکی ڕێکخراوەیی دەگرێتە خۆی.

هاوڕێ مەنسوور حیکمەت: ئەگەر یەک لەحزە پەیوەندیی مێژوویی هاوبەشمان وە کادری حیزبی کۆمۆنیست لەبیر بەرینەوە و سەیرێکی هەلومەرجی ئەمڕۆ بکەی و بزانین هەر کاممان چ ئاسۆیەکی هەیە و چۆن لە کۆمۆنیزم تێدەگات و دەیەوێت چی بکات، پێموایە ئەوە بۆ هەموومان ڕۆشنتر دەبێ کە بەپێی بۆچوون و فکر و ئەولەوییەتەکانی ئەمڕۆمان، ئێمە دەبوو لە پارتگەلی سیاسی جۆراوجۆردا بووینایە. بەڵام ئەو مێژووە

هاوبەشە لەوە بەهێزتر و بە نرختره کە ئەمڕۆ هەر کەس خۆی ملی ڕێگا بگرێ و بچێ حیزبێک بەپێی ئاسۆی خۆی دامەزرێنێ یان بدۆزێتەوە. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران چەند حیزبە لە پەیکەری حیزبێکدا. بەرەیەکی یەکگرتووە لە چەند ڕەگەی جیاوازی سۆسیالیزمی ڕادیکاڵ. ئەگەر تۆ بتەوێ حیزبی دڵخوازی خۆت دروست بکەیی و نەشتەوێ چاوپۆشی لە هەموو ئەو شتانە بکەی کە بەم حیزبە وەدەست هاتوون، فراکسیۆن دروست دەکەی. فراکسیۆنی کۆمۆنیزمی کریکاری بۆ ڕێکخستنی جوڵانەوەی سۆسیالیستی کرێکاری لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا و بەدەستەوەگرتنی سوکانی ئەم حیزبە لە لایەن ئەم بزووتنەوە پێویست و زەرورییە. پێکهێنانی فراکسیۆن بە مانای ئەوەیە کە ئێمە بە کردەوە وەفادارین بەو بانگەشەیەی خۆمان کە دەڵێین ئەم حیزبە چەند ڕەگەیە لە سۆسیالیزمی ڕادیکاڵی هاوچەرخ کە لە یەکتر جیاوازن. ئەم فراکسیۆنە دەبوو زۆر زووتر پێک بهاتایە. لە کۆنگرەی "یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست"ەوە هەتا دەستپێکردنی باسەکانی پەیوەست بە ئاژیتاتۆری کریکاری ئیتر من بۆم ڕوون بووەوە کە ئێمە خەریکین باسی چەند کۆمۆنیزم و مارکسیزمی جیاواز دەکەین. شۆڕشی57 هەموومانی لە ڕیزێکی سۆسیالیستی ڕادیکاڵدا کۆ کردبووەوە. بە دامرکانی ئەو شۆڕشە هاتنەگۆڕی مەسەلە بنەڕەتیتر و غەیرە تاکتیکی بۆ ئێمە، کەلێنە واقیعیەکان دەکرانەوە و بە شێوەیەکی پوختەتر بەیان دەکران. باسەکانی من لە کۆنگرەی دووەمدا دەبوو لە بەیاننامەی فراکسیۆنێکی جیاوازدا بوونایە، نەک وەک ڕاپۆرتی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندیی حیزب. ڕاپۆرتی هەلومەرجی جیهانی و جێگای کۆمۆنیزمیش هەر ئاوا کە ئەوانیشم هەر بە نێوی کۆمیتەی ناوەندییەوە بۆ کۆنگرەی سێیەم نووسی. ئەوەی کە ئەو کاتە بۆچی فراکسیۆن پێک نەهات، تەنیا دەکرێ بە حیسابی ئەوە دابنرێ کە هێشتا پاشماوەی بۆچوونی "هەموومان پێکەوە" هەر مابوو. خۆشم بە ئەندازەی کافی فاسیلە و مەودای نێوان هێڵەکانی حیزبی کۆمۆنیستم بۆ دەرنەکەوتبوو. لە جیاتی پێکهێنانی ڕیزێکی ڕۆشن و سیاسی لەنێو حیزبدا، بۆ ماوەیەک ڕێگای تەرویجکردنمان گرتەبەر. لە ماوەی نێوان کۆنگرەی دووەم و سێیەمدا ئەم کەلێن و قەڵشتانەمان بە شێوەیەکی وردتر و بابەتیتر



ناسی و درەنگخستنی لەوە زیاتری پێکهێنانی ڕیزێکی جیاواز بە هیچ شێوەیەک جێگای نەبوو.

کۆمۆنیست: پاش کۆنگرەی سێیەم شاهیدی پێکهاتنی کانوونی کۆمۆنیزمی کرێکاری بووین. بەپێی چ هەڵسەنگاندنێک ئەو کانوونە پێک هات؟ ئایا پێکهاتنی فراکسیۆن بەردەوامیی کانوونە؟ چ پەیوەندییەک لە نیوان کانوون و فراکسیۆندا هەیە؟

مەنسوور حیکمەت: لە کۆنگرەی سێیەم گرینگتر بە بڕوای من پلینۆمی سیانزەیەم بوو کە دروست پێش کۆنگرە گیرا. بۆ ماوەیەکی زۆر لە کۆنگرەی دووەمەوە تا کۆنگرەی سێیەم، من سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی بووم و لە گەڵ هاوڕێیان ڕەزا موقەددەم و بەهرۆز میلانی پێکەوە کۆمیتەی تەنفیزی حیزب بووین. کەواتە ئەوەی دواتر ناوی لێ نرا کانوون، بە کردەوە لە سەرووی حیزب بوو وە لەو دەرەیەدا بۆمان دەرکەوت کە ئەو سەیارەیەی ئێمە بە فەرمی سوکانەکەیمان بە دەستەوەیە، لە کردەوەدا بە میکانیزمێکی دیکە دەجوڵێتەوە. هەموو پێشڕەوی و بڕیارەکانمان وەک ئۆرگانی بەرزی حیزب، بە شێوەی فەرمی پشتیوانییان لێ دەکرا، بەڵام دواتر لە پرۆسەی عەمەلیدا گرایشاتی جۆراوجۆرمان بە ڕۆشنی هەست پێ دەکرد و دەمان بینی. ناکرێ بە هەنگاوی ئیداری ڕووبەڕووی گرایشاتی سیاسی ببیتەوە. هیچ نەخشەکار و بڕیارنامە و لێپرسینەوەیەک نەی دەتوانی بێ ئاسۆیی و بێ حاڵی ڕادیکاڵیزمی چەپ لە حیزب و لە ڕابەریدا یان خۆگرتنی ئاسۆی ناسیۆنالیستی لە کوردستان، یان دە ستەوەستانی و بێ عەمەلی سۆسیال دیموکراتیک لە ڕێکخستنەکانی دەرەوەدا وەڵام بداتەوە. بڕیارنامەکان و پەسەندکراوەکانمان لە بابەت هەڵسورانی حیزب لە کوردستان، سیاسەتی ڕێکخستنی کرێکاریمان، نەخشەکارمان بۆ پێکهێنانی ڕێکخستنی توندوتۆڵ و بەهێز لە دەرەوەی وڵات، بانگەوازەکانمان بۆ وەخۆکەوتن و جم و جووڵی تیۆری و سیاسی لە ڕابەریی حیزبدا، هەموویان دەبوونە دیلی واقیعیاتێک کە خەسڵەتی سیاسی و کۆمەڵایەتییان بوو. لە پلینۆمی سیانزەیەمدا ئێمە هەر ئەمەمان وەک ڕاپۆرت وت. ئێمە وتمان گرایشی سۆسیالیستی کرێکاری لە حیزبدا کە هێزی بەرەوپێشبەری سیاسەتەکانمانە، گرایشێکی کەمایەتییە و بە کردەوە سوننەتەکانی تر لە

حیزبدا بەسەریدا زاڵن. لە کۆنگرەی سێیەمدا لە ڕاپۆرتی هەلومەرجی جیهانی و قسە و باسەکانی پەیوەندیدار بەو ڕاپۆرتەدا ئێمە باسی جیاوازییەکانی خۆمانمان کرد. دوای ئەوە بە قازانجی خەباتی سیاسی بەرانبەر بە گرایشەکانی تر، لە قودرەتی ئیداری کشاینەوە. کانوونی کۆمۆنیزمی کریکاری لێرەدا پێک هات. (ئەو کانوونە، ئەو دەمە من و ڕەزا موقەددەم و ئیرەج ئازەرین بووین و پاشان کۆڕشی مودەڕیسیش پێوەی پەیوەست بوو). کۆمەڵێک بوو کە بەهێزکردنی کۆمۆنیزمی کرێکاری چ لە حیزبدا و چ لە دەرەوەی حیزب بە ئامانجی خۆی دانابوو. کانوون لە هەنگاوی یەکەمدا دەستی دایە ڕۆشنکردنەوەی جیاوازییەکانی ئێمە لەگەڵ گرایشاتی تر. کۆنگرەی سێ کۆنگرەی سەنتەر بوو لە حیزبدا. ڕاپۆرتەکە و یەک دوو وتاری ئێمە نەبێ، کۆنگرە مەیدانی خۆنیشاندانی سەنتەر بوو بەرامبەر بە هەندێک حەریفی بچوک و بێ مایە، کە سەنتەر زیندووبوون و خاوەن قسەبوونی خۆی لەوەدا ئەبینی کە بەرامبەر بەو حەریفانە ڕاوەستاوە. هاوڕێیەک بە سەد و چەند ئیمزاوە لە ئەندامانی حیزب، وتارێکی وای لەسەر مەسەلە ڕێکخراوەییەکان دا، کە پۆپۆلیستەکانیساڵی 57 لەچاو ئەو ئەتگووت ڕۆڵەی لۆکزامبۆرگن. سەنتەری حیزبی بە دیتنی پۆپۆلیستێکی تر کە دەکرا بیکاتە کیسەی بۆکس گەشکە بوو. دنیای دەرەوە تووشی تەکان و هەژانێکی مێژووی ببوو، چارەنووسی سۆسیالیزم و مارکسیزم و بیروباوەڕ و ئەرکی شۆڕشی کرێکاری تووشی ئالۆزی و ناڕۆشنییەکی بێ وێنە ببوو، بەڵام سەنتەری حیزب توانی گوێی خۆی لەوانە بخەوێنێ و لە هەوڵی ئەوەدا بێ سەرکەوتنێکی دژی پۆپۆلیستی تازە وە دەست بێنێ. چەند ڕۆژەی کۆنگرەی سێیەم یەکێک لە تاڵترین سەردەمەکانی ژیانم بوو. ئیتر ئاشکرا بوو کە کەمایەتییەکی زۆر بچکۆلەین لەنێو کادرەکانی ئەم حیزبەدا و دەبێ فکرێک بکەینەوە. ئەم حیزبەدا و بەو وەزعەوە کە بووی، نەی دەتوانی وەڵامی پێویستییەکان و ئەولەوییەتەکانی سۆسیالیزمی کرێکاری بداتەوە. هاتینەوە سەر ئەوە کە ئەگەر پێویستە، دەبێ هەر لە سەرەوە دەست پێ بکەین. کانوون حاسڵی ئەم هەڵسەنگاندنە بوو، فراکسیۆن بە مانایەک بەردەوامیی کاری کانوونە. لە کانووندا بەوە گەیشتین کە دەبێ دەخاڵەتێکی ڕێکخراوەیی چالاکانە لە چارەنووسی حیزبدا بکەین. کانوون خۆی وەک



مەرجەعێکی نافەرمی و ڕۆشنگەر، ئۆرگانێکی گونجاو نەبوو بۆ ئەم کارە. نەمان دەویست کانوون زەینی بە مەسەلەی ڕێکخراوەییەوە خەریک بێت. کانوون دەتوانێ ناوەندێک بێت بۆ هاوئاهەنگکردنی کۆمەڵێک هەڵسوڕان کە سنوری لە هەڵسوڕانی حیزبیمان واوە تر دەچێ. بێجگە لەوەش خۆم وەک ئەندامێکی لە مێژینەی ڕێبەرایەتی حیزب نەم دەویست و نەم دەتوانی چارەنووسی حیزبێک کە هەتا ئێرەمان هێناوە بسپێرمە دەست ڕەوتی خۆ بەخۆی وەزعیەت و ئەنجامی ناڕاستەوخۆی تێکۆشانمان وەک کانوون. فراکسیۆنی کۆمۆنیزمی کرێکاری وەک ئامرازی دەخاڵەتی ڕێکخراوەیی چالاکانەمان لە چارەنووسی حیزبی کۆمۆنیستدا پێک هاتووە.

کۆمۆنیست: بەرچاوترین ئاڵوگۆڕی ناوخۆیی حیزب لەم دەورەیەدا باسەکانی پەیوەست بە تێکۆشانی حیزب لە کوردستان و خەباتی ناوخۆی سازمانی کوردستانی حیزب بوو، کە نووسراوە و بەڵگەکانی کانوون لەم باسانەدا خەریکە بڵاو دەکرێنەوە. ئەم باسانە تا چ ڕادەیەک لە خەملاندنی گرایشەکانی ناوخۆی حیزبدا و بە شێوەیەکی دیاریکراو لە جیاکردنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە پەیکەری حیزبدا، دەوریان هەبووە؟

مەنسوور حیکمەت: خاسییەتی ئەم باسانە ئەوە بوو کە هەمووانی لەو واقیعیەتە گەیاند کە حیزب خەت و ڕێبازی جۆراوجۆری تێدایە بە بۆچوونی جیاوازەوە. ئەمە تا ڕادەیەک بەرئەنجامی ئەوە بوو کە کانوونێکی نافەرمی کە ئەم باسانەی هێنایە گۆڕێ، کە بە خۆی دەگوت کەمایەتی. ئەگەر هەر ئەم باسانە بە نێوی مەکتەبی سیاسییەوە یان بە نێوی کۆمیتەی ناوەندییەوە بکرایە، ڕەنگە بەپێی نەریتەکانی تا ئیستا هیچ هەڵوێستێکی موخالیفیان لە بەرامبەردا وەرنەگیرایە و هەر بەپێی ئەو نەریت و ڕێسایەی کە هەبوو، بە ڕواڵەت بەگەن بکرایە و بە کردەوە پشت گوێ بخرایە. هاتنە ناوەوەی باسەکان لە لایەن کانوونەوە، ئەویش بەو تەئکیدەی کانوونەوە کە دەیگوت ئەمە خەتی ڕەسمی نییە و قسەی چەند کەسێکی دیاری کراوە، ئیمکانی ئەوەی پێک هێنا کە موخالەفەتە واقیعییەکان لە بەرامبەریدا خۆ نیشان بدەن. ڕیزەکانی حیزب بەم جۆرە دیتیان، ئەو بانگەشەیەی ئێمە کە دەڵێین خەت و ڕێبازی جۆرا و جۆر هەن، شتێکی واقیعییە و کادرەکانی ڕێبەرایەتی حیزب کە تا ئەو کاتە وەک ڕوحێک لە چەند جەستەدا بەرچاو دەکەوتن لە ڕاستیدا

نوێنەری گرایشی جۆراوجۆرن. بە تایبەتی لە کوردستان لە گەڵ ئەوە بەرەوڕوو بوون کە لەنێو خەتەکاندا یەکێکیان هەڵبژێرن. گرنگی باسەکانی کوردستان لەوەدا بوو کە سەرنجی ڕیزەکانی حیزبی بەرەو ناکۆکییەکان ڕاکێشا و کۆتایی هێنا بە ڕواڵەتی یەکپارچەیی کۆمیتە ناوەندی کە ئەم ڕواڵەتە یەکپارچەییە خۆی بەرهەمی ئەوە بوو کە خەتێک بە ڕواڵەت لە لایەن باقییەوە پەسەند دەکرا. باسەکانی کوردستان خۆیان لە بوون و نەبوونی گرایشی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا کاریگەرییان نەبوو. ڕەنگە گرایشی تازە لەم نێوەدا شکڵیان گرتبێ، وەلێ ناکۆکی و جیاوازی ئێمە لەگەڵ گرایشەکانی تر لە پێش ئەم باسانەدا بوون. ئەو شتەی لەم باسانەدا وەدەست هات بریتی بوو لە وشیاری سیاسی زیاتر لەنێو ئەندامان و تێکۆشەرانی حیزب لە کوردستان و هاتنە سەر هەڵبژاردن لەنێو گرایشەکاندا. خودی ئەم باسانە بە تەنیایی بۆ جیاکردنەوەی کامڵی گرایشی کۆمۆنیستی کریکاری لە کوردستان کافی نین. زۆربەی تێکۆشەرانی حیزب لە ڕێکخراوی کوردستان بە قازانجی کانوون هەڵوێستان وەرگرت. بەڵام سەرئەنجامی ئەم هەڵوێستگرتنە لێک هەڵاوێردرانی چەپ و ڕاست و پەیدابوونی گرایشێکی چەپ بوو کە خۆی دەبێ لەنێو خۆیدا بەپێی بنەماکانی خەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری تەتەڵە بکرێ.

کۆمۆنیست: لە کردەوەدا گرایشاتی تر لە حیزبدا نەی ویستووە بوونی ڕەسمی خۆی دەرخا و لانی کەم لە ڕێکخراوی کوردستان هیچ گرایشێکی چالاک و هەڵسوڕاوی تر بە ڕاشکاوی خەریکی نیشاندانی وجودی ڕێکخراوەیی خۆیشی نییە. کۆمۆنیزمی کرێکاری تاقە گرایشی ئیسپاتی بووە لە حیزبدا. سنوری نێوان گرایشەکان چۆن دیاری دەکرێت؟ سەنگ و سووکی نێوان گرایشەکان ئێستا چۆن دەبینی؟

مەنسوور حیکمەت: گرایشەکانی تر قسەیان کردووە بەڵام ئەو ئۆتۆریتە و توانا و کاریگەرییەیان نییە کە لە سەردەمی باسەکانی کانوون و ڕێبەرایەتی کۆمەڵەدا هەبوو. ئەو گرنگییەشیان نییە. بەڵام سنووری نێوان گرایشەکان بە پێی ئەوە دیاری ناکرێ کە چ جیاوازییەکمان لەگەڵ فڵانە نووسراوەی نێو بڵاوکراوەی ناوخۆییدا هەیە. من پێشتر ڕاست و چەپ و ناوەندم لە حیزبدا بەپێی بۆچوون و ڕەوشتیان دەستەبەندی کردووە و لە "جیاوازییەکانی



ئێمە"دا و هەروەها لەو بەڵگانەی باسەکانی کوردستاندا کە قەرارە بڵاو بکرێتەوە باسم کردووە. لە بابەت سەنگ و سووکی نێوان گرایشەکان، ئەگەر مەبەستتان شێوەی ڕیزبەستنی ئەندامان و تێکۆشەران بێ، دەبێ بڵێم هەر لەم دەورەیەدا ژمارەیەکی زۆر و لەوانە زۆربەی نزیک بە ئەندامانی خۆدی کۆمیتە ناوەندی بە فراکسیۆن پەیوەست بوون. بەڵام قورسایی ئەسڵی فراکسیۆن نەک لە چەندایەتی و ژمارەی کەسانێکدایە کە پێی وابەستەن، بەڵکە لەو واقیعییەتەدایە کە تاقە ڕەوتێکە کە چوارچێوەیەکی سیستەماتیک بۆ هەڵسوڕانێکی کۆمۆنیستی لە دنیای ئەمڕۆدا بەدەستەوە دەدا. هەر ئەمە ڕێگای لەوە گرتووە کە گرایشێکی تر بە فەرمی لە هەمبەر ئەم فراکسیۆنەدا شکڵ بگرێ.

کۆمۆنیست: حیزبی کۆمۆنیستی شوێنی لە دەوری یەک کۆبوونەوەی سۆسیالیزمی ڕادیکاڵی ئێران بووە. ئەم سۆسیالیزمە قسەیەکی نییە بیکات و هیچ ئاسۆیەکی جیاواز و تایبەتی لە کۆمەڵدا لەبەرچاو نییە. ئەم سۆسیالیزمە بە هەر حاڵ ناچارە حیزب بە گرایشێکی ئیسپاتی بسپێرێ کە ساغە لەسەر ئەوەی خۆی دەفتەری ئیئتلافەکەیان ببەستێ. پرسیارەکەی من ئەوەیە: بێجگە لەم حیزبە کە هەیە کەرەستە و ماتریاڵی واقیعی بۆ پێکهێنانی حیزبێکی سۆسیالیستی کرێکاری بە چ ڕادەیەک هەیە؟ خەباتی ئێستا بۆ یەکبنەکردنەوەی حیزبی کۆمۆنیست وە بەدەستەوەگرتنی ئەو حیزبە، چ جێگا و شۆێنێکی لە پێکهێنانی حیزبێکی سۆسیالیستی کرێکاریدا هەیە؟

مەنسوور حیکمەت: ماتریاڵ و کەرەستەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، سوننەتی خەباتی سۆسیالیستی کرێکارییە کە لەنێو کۆمەڵدا هەیە. بە مارکسیزم: بە بڕوای من ئەو سوننەتە بووەتە خاوەنی ئاسۆیەکی زیندوو و خەوشهەڵنەگری مارکسیزم، لەوێوە خۆشبەختانە ئەوانەی قەوارەی کۆمەڵایەتییان لەم تیۆری و جیهان بینییەدا جێی نابێتەوە، خەریکن دەستی لێ هەڵدەگرن. ناڕەزایەتی دژی کاپیتالیستی کرێکار ئەوەندە بەرینە کە بۆ خنکاندنی ئەو ناڕەزایەتییە کە سوپای چەن ملیۆنی تۆڕی جۆراوجۆری هەواڵگری بۆ گۆڕینی حەقیقەت و گەلێک ڕادیۆ و ڕۆژنامە، خەرجی گەورەیان بۆ دەکرێ. ئەگەر کەسێک بیەوێت سۆسیالیزمی زیندووی کرێکاری ببینێ، من هەر ئەم چەند ژمارەیەی "کارگر أمرۆز"*ی پێ نیشان

دەدەم. لە "جەمال چراخ وەیسی"*یەوە هەتا "جری تاکر"*ڕیزێکی بەرینە لە نوێنەرانی سۆسیالیستی چینی کرێکار. بزووتنەوەی ئێمە پەراگەندەیە، ئاڵۆزە، خۆی کۆ نەکردۆتەوە، یەکگرتوو نییە، هەزار و یەک خورافە کاری تێ دەکا، بەڵام هەیە و زیندووە. جگە لەمەش وا دیارە کۆمۆنیزمی کرێکاری بە ڕووداوەکانی ئەم دواییەی جیهان، جارێکی تر دەرفەتی دەست دەکەوێ وەک لایەنێکی سەرەکی لە کێشەی کۆمەڵایەتیدا پێ بنێتە مەیدان. بەڵام لە بابەت بەشی دووەمی پرسیارەکەتانەوە، دەبێ بڵێم بە بڕوای من بۆ ئێمە ئەم مەسەلەیە حەیاتییە. نزیکترین بزووتنەوەیەک کە دەتوانێ لە چارەنووسی سۆسیالیزمی کرێکاریدا بەهۆی ڕێکخراوێکی حیزبی، ڕێکخراوێکی وا کە دەتوانێ ئەرکی جۆراوجۆر و ئاڵۆز بەڕێوەبەرێ و دەخاڵەت بکات، ئێمەین. ڕەخنەیەکی سەرەکیم لە تێکۆشەرانی سۆسیالستی کرێکاری ئەوەیە کە لە ئاسۆی عەمەلی سەبارەت بە حیزبایەتی و پێکهێنانی یەکگرتوویی بەرین و پڕ جم و جووڵ، دوورن. سەنگەربەندییەکانی ئەمڕۆی کرێکارانی سۆسیالیست ناوچەیی و جێ جێیە. ئاسۆکان کەم تا زۆر هەر لە سنووری وڵاتەکاندا دەمێنێتەوە و لە سنووری هەر وڵاتێکشدا ڕادیکاڵیزەکردنەوەی ئەو بزووتنەوانە کە ئێستا هەن ناوەڕۆکی سەرەکی تێکۆشانی کرێکارانی سۆسیالیستە. ئەمانە هەموو دەبێ هەبن. بەڵام سەرەنجام کرێکار دەبێ بە حیزب و ئەنتەرناسیۆنالی خۆیەوە بێتە مەیدان. مەیدانی کێشە و بەرامبەرکێی گەورە و بەرین. کێشە لەسەر بیر و باوەڕی بە ملیۆن کەس، لە سەر چارەنووسی نەوەکانی کرێکار، لەسەر سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان و لەسەر سەرەنجامی خاوەندارێتی و شتی تری لەم چەشنە. لەم هەڵوێستەوە، من دەست لەو حیزبە هەڵناگرم کە ئێستا هەیە و تەنانەت هەر ئێستا ماشێنێکی ڕێکخستن و تەبلیغ و تەرویجی تا ڕادەیەک پڕ قودرەتە_ تەنانەت لەچاو ڕێکخراوە ڕادیکاڵە کرێکارییەکان لە ئەورپا و ئەمریکا. ئەم حیزبە دەتوانێ هۆیەکی زۆر کارامە بێ بۆ دەخاڵەتی کاریگەرمان لە بزووتنەوەی سۆسیالستی کرێکاریدا چ لە ئێران و چ لە جیهان. بە بڕوای من کۆمۆنیست و کرێکاری ئێرانی کە بیەوێ کاریگەریی ماددی و هەستپێکراو بکاتە سەر دنیای دەرەوەی خۆی ناتوانێ چاوپۆشی لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بکات.



کۆمۆنیست: لە سوننەتی چەپی مەکتەبی و فیرقەییدا، یەک بنەبوونەوە و یەک گرایشی بوونەوە هەمیشە بە مانای بەرزکردنەوەی دیوارەکانی فیرقە و هەنگاوێکی ترە بەرەو بەتاککەوتنەوە. لە خەباتدا بە یەکبنەکردنەوەی حیزب کە بیگومان بە مانای یەکبنەکردنەوەی حیزبە لە باری جێگا و شوێنە کۆمەڵایەتییەکەیەوە چ نیشانە و پێوانەیەکی بەرچاو هەیە کە ئەم خەباتە لە سوننەتی کێشەی ناوخۆی فیرقەکان جیا دەکاتەوە؟

مەنسوور حیکمەت: سکتاریزم بە مانای خۆجیاکردنەوە لە فیرقەکەی پەنادەستی خۆت نییە. بە مانای فیرقەبوونە بە گشتی و جیابوونەوەیە لە جەرگەی کۆمەڵایەتی خەباتی چینایەتی، لە جەرگەی کۆمەڵایەتی خەباتی چینەکان. بناغەی سەرەکی باسی کۆمۆنیزمی کرێکاری، کە ئەگەر کەسێک بەدڵ سەرنجی دابێتە ناوەڕۆکەکەی بۆی دەردەکەوێ، ڕەخنەگرتنە لە خەسڵەتی فیرقەیی چەپی ڕادیکاڵی تا ئێستا. لەم باسانەدا من باسی دوو جۆرە تەریکی و بەتاککەوتنەوەم کردووە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی پێکەوە هەیە. بەتاککەوتنەوە لە چینی کرێکار و بە تاککەوتنەوە لە کێشمەکێشە سەرەکییە کۆمەڵایەتییەکان. چەپی ڕادیکاڵ نەک هەر لە ئێران بەڵکوو لە ئاستی جیهاندا، لە جەرگەی ناڕەزایەتیی کرێکاریدا نەبوو. بزووتنەوەیەکی کرێکاری_ بە مانای خەڵکناسانە و کۆمەڵناسی ئەو وشەیە_ نەبوو. (جیایی ئیدۆلۆژیکی ئەم چەپە لە مارکسیزم و تیۆری شۆڕشی کرێکاریش بە جێی خۆی). بێجگە لەمەش تەنانەت تاقە یەک بزووتنەوەی کرێکاریش بە بێ ئەوەی لەنێو دڵی کێشمەکێشە سەرەکییە کۆمەڵایەتییەکاندا لە هەر دەورەیەکدا ئامادەیی هەبێ، هیچ کاریگەرییەکی لێ ناوەشێتەوە. ئەمە جۆرێکی ترە لە جیایی و بە تاککەوتنەوە کە زۆر ڕێکخراوی کرێکاریش، وەک یەکێتییەکان، ڕەوتگەلی ئانارکۆ سەندیکالیست و ئەمانە، گیرۆدەی بوون. جیایی لەو کێشە فکرییانە کە خەریکە باڵانسی فکری کۆمەڵی ئەم سەردەمە دیار دەکات، جیایی لە کێشەی "ئیتیلاعاتی" و "سوئیئیتلاعاتی"، جیایی لە خەبات بۆ نیشاندانی ئاسۆی کۆمەڵی ئینسانی، جیایی لە تەواوی ئەو بزاوتە کۆمەڵایەتییانە کە خەریکە چارەنووسی ئەم وەچەیەی مرۆڤەکان دیاری دەکات. جیایی و بەتاککەوتنەوە بەو مانایەی باسم کرد، ڕەگەیەکی سەرەکییە لە ڕەخنەماندا بەرامبەر بە مێژووی سۆسیالیزمی ڕادیکاڵی نیو

سەدەی ڕابردوو. یەکبنەبوونەوەمان یانی ڕزگاربوونمان لە چنگ تەواوی ئەو ڕەگە شێوە سۆسیالیستییە ڕادیکاڵانە کە ئەم بەتاککەوتنەوە و فیرقەگەراییە لە زاتیان و لە بوونی کۆمەڵایەتییاندایە. یەکبنەبوونەوە یانی ڕزگارکردنی بزاڤی حیزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە چنگ ڕەوتگەلێک کە دنیا لە چوارچێوەی فیرقەکەی خۆیاندا دەبینن. حەرەکەتی خودی ئێمە باشترین بەڵگەیە بۆ نیشاندانی ئەوە کە ئێمە فیرقەگەری بە گشتی، بە قازانجی نیشاندانی وجوودی کۆمەڵایەتی، دەدەینە بەر ڕەخنە و وەلای دەنێین. هەر لەوەوە کە ڕەخنەمان لە دەستەواژەی مەکتەبی و فیرقەگەرانە لە مێژووی شۆڕشی ڕوسیا گرت، تەنانەت خستنەڕووی سیاسەتی ڕێکخستنی کرێکاری لەسەر بنەمای بە فەرمیناسینی جم و جووڵی کۆمەڵایەتی خودی چینی کرێکار، بەڵگەی جیابوونەوەی قوڵ و خێرامانە لە ئاسۆی فیرقەیی چەپی مەوجوود. ئێمە کێشەی فیرقەییمان لەگەڵ کەس نییە. بەڵام حازریش نین چینەکان و ڕەوتگەلێک کە ئاسۆی جۆراوجۆر و جیاوازیان هەیە پێکەوە بکەینە ناو توورەکەیەک. ڕێک بە پێچەوانەوە، بۆ ئەوەی ببێ بە ڕەوتێکی کۆمەڵایەتی بەهێز و قودرەتمەند، پێویستە لە چنگ هەموو ڕەگەیەکی سۆسیالیزمی فیرقەیی کە تایبەتی ڕوناکبیرانی ناڕازییە ڕزگار بێت.

کۆمۆنیست: گرایشی کۆمۆنیزمی کرێکاری، بە شێوەیەکی دیاریکراو لە گەلێک وتار و نووسراوە و بەڵگەدا کە خۆت لە بڵاوکراوە حیزبییەکاندا نووسیوتن وە یا بە ڕێبەرایەتی حیزب دراون، بۆ مەیدانە جۆراوجۆرەکان تەرح و گەلاڵە و ئۆلگووی جیاوازی دیاری کردووە. بێجگە لەم تەرح و ئۆلگووانە، نەخشەی هەڵسوڕانی گشتیتری فراکسیۆن چییە؟

مەنسوور حیکمەت: لە باری عامەلییەوە ئێمە دەمانەوێ لە کورتترین ماوەدا حیزب بە دەستەوە بگرین و هەتا کۆنگرەی چوارەم تەکلیفی گرایشات لەم حیزبەدا ڕوون کەینەوە. بەڵام بە گشتی، ئێمە دەمانەوێ شێوەیەک لە تێکۆشان و هەڵسوڕان لە حیزبی کۆمۆنیستدا جێگیر بکەین کە حیزب ببێتە شوێنی تەبیعی و سازگاری هەڵسوڕان بۆ تێکۆشەرانی سۆسیالیزمی کرێکاری، وە تێکۆشەرانی بزووتنەوەکانی دیکە لەنێو ئەم حیزبەدا، هەست بە نامۆیی و ناسازگاری بکەن. ئەمە جۆرێکی جیاوازە بۆ نیشاندان و دەرخستنی بوونی حیزب لە کۆمەڵدا. لە بابەت ئەم ئۆلگوو و و تەرحانە بە



شێوەی دیارکراو، بە تایبەت لە پلاتفۆرمێکدا کە دەی دەین بە پلینۆمی هەژدەیەم، دەنووسن. بەڵام بە گشتی، ئێمە شێوەی تێکۆشانی حیزب و ئەولەوییەتەکانی حیزبی کۆمۆنیست نەک هەر لە بزووتنەوەی کرێکاری ئێراندا بەڵکوو لە ئاستی جیهاندا بۆ ئەو ئینسانە ئاساییيانە کە هەموو ڕۆژێ خەریکن دەچنە سەرکاری خۆیان، بکەینە شتێکی بەرچاو و هەست پێکراو. دەمانەوێ هێزێکی گۆڕینی وەزعیەتی ماددی کۆمەڵ بین. کەوایە بزووتنەوەکەی ئێمە بە تەمای پتەوکردنەوەی پەیوەندی حیزب و چینی کرێکارە. یانی ئەوەی کە حیزب بچێتە نێو مەیدانە سەرەکییەکانی کێشەی کۆمەڵایەتی. هەوڵ دەدەین حیزبی کۆمۆنیست بۆ هەمیشە لە ئاڵقەی ئەحزابی ڕادیکاڵ و چەپی ئێران بێتە دنیای واقیعی و بەرەو ڕووی هێزە واقیعی و کاریگەرەکانی دنیای ئەمڕۆ بێتەوە.

کۆمۆنیست: لە بابەت ئەو حیزبەوە کە دەبێ دروست بکرێ، تا ئێستا لە زۆر جێگا نووسیوتە و قسەت کردووە. دیمەنی ئەم حیزبە چۆن دەبینی؟

مەنسوور حیکمەت: لە بابەت شێوەی تێکۆشانی ئەو حیزبەوە دەکرێ گەلێک نموونە باس بکەین. بەڵام من لێرەدا، تەنیا چەند قسەیەک دەکەم. حیزبی ئێمە حیزبێک دەبێ کە لە چارەنووسی ئەم نەوەیە لە کرێکاران دەخاڵەت و کاریگەری هەیە، چ لە ئاستی جیهانیدا، حیزبێک دەبێ کە لە پێکهێنانی یەکگرتنی جیهانی کرێکاراندا دەخاڵەتی هەیە و هەروەها لە کێشە سەرەکییەکانی دنیای ئەمڕۆدا. حیزبی ئەو کریکارە سۆسیالیستانە دەبێ کە سەبارەت بە تەواوی دنیا و هەموو نەزم و نیزامی ئەم دنیایە قسەیان هەیە و دەی کەن، حیزبێک کە پارێزەری ناسراو و قودرەتمەندی بیری سۆسیالستی و کریکارییە و قودرەتی ئەوەی هەیە کە قسەی خۆی بگەیەنێتە گوێی جەماوەری بەرین. حیزبێکی بە دیسپلین، سازماندەر و تێگەیشتوو کە وەک ئەڵقەی پەیوەندی و هێزی ئیلهامبەخش. ڕێنوێن بۆ هەموو شەڕەکانی سۆسیالیزمی کرێکاری لە مەیدانی ئابووری و سیاسەت و فەرهەنگ و ئاکاردا کار دەکات. بەرزەفڕانەیە؟ بۆ کەسانێک کە دونیاکەیان لە سنووری نامەکانی بازرگان و هەڵسوڕانی سەر مێزی کتێبەکەیان واوەتر ناچێ، ڕەنگە وابێ! بەرزەفڕبوون، ئاوا، مەرجی ئەندامەتییە لەو حیزبەدا.

❊

سەرچاوە:
"کمونیست"، نشریه حزب کمونیست ایران
شماره 58 مرداد 69

**تێبینی:**

_ دەقی وەرگێڕاوی کوردی ئەم گوتارە لەسەر ڕووی "پێشڕەو" ئۆرگانی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران/ کۆمەڵە، ژمارە 37ی ئۆکتۆبەری 1990، تایپ کراوەتەوە. ناوی وەرگێڕ نەنووسراوە.

_ سوپاسی زۆرمان بۆ هاوڕێ "کاوە عومەر" کە ئەم نووسینەی بۆ ئەم پرۆژەیە تایپکردەوە.

**سالار ڕەشید**